سەرکی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا دەکات

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی کرد لە وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا خۆسیێ مانوێل ئەلبارێس و شاندەکەی یاوەری.

بەگوێرەی راگەیێندراوەکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەکەدا سودانی باسی لە گرنگی پەیوەندیێکانی نێوان عێراق و ئیسپانیای کرد و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنیان لەسەر ئاست و بوارە جیاوازەکاندا و ئاماژەی بۆ ئاوگەڵی سەردانێ سەرکەوتووەکانی نێوان بەرپرسانی هەردوو وڵاتی کرد، کە دواییەیان سەردانی سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا بێدرۆ سانچێز بوو بۆ بەغداد لە مانگی ڕابردووداو.

هەروەها سەرۆک وەزیران جەختی لەسەر خواستی عێراق کردەوە بۆ ڕاکێشانی کەمپانیا ئیسپانییەکان بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە پڕۆژەکانی گەشەپێدان و ژێرخانێ ستراتیژییەکان لە عێراقدا، کە لە هەمووی گرنگتر پڕۆژەکانی بەندەری فاو مەزن و شاری پیشەسازی و وەگای گەشەپێدانێ، بەپێی ئەو ئەزموون و ناوبانگییەی کە ئەو کەمپانیایانێ هەیانێ لە جیهاندا.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران هەوەستی عیراقی نوێکردنەوە سەبارەت بە ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە بەرەنگاربوونەوەی داعش لە عیراق و ئاماژەی بەوەدا کە هێکخراوە تیرۆریستییەکان چیتر هەڕەشە نین بۆ سەر دەوڵەتی عیراق و هێزە چەکدارەکانمان توانای ئەویان هەیە بۆ تەواوی ئەرکەکانی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری جێبەجێ بکەن و هووبڕووی هەڕەشەکان ببنەوە و کاتی ئەوە هاتووە هێنگاو بنێن بۆ پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان لێگەڵ هەموو وڵاتانی هاوپەیماندا.

هەروەها سودانی هەوەستی ئیسپانیای بەرز نرخاند سەبارەت بە هەرشەکانی سەر غەزە و داوای چەکردنەوەی فشارە نێودەوڵەتییەکانی کرد بۆ پێشگرتن لە تێشنەسەندنی ململانێکان و گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان بە گەلی فەڵەستین بە شێوەیەکی خێرا.

لە لای خۆیەوە، وەزیر ئەلبارەس سەاوی سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیای گەیاندە سەرۆک وەزیران و جەختی لە سەر خواستی حکومەتەکەی کردەوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و بەهێزکردنی کارەکانی لیژنەی هاوبەشی عیراق و ئیسپانیا و چاوەوانی دەستپێکردنی چوارەم خولی دیالۆگی دوو قۆڵی نێوان هەردوو وڵات دەکات.

هەروەها وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا ئاماژەی بە کارەکانی هاوئەرکارانی ئیسپانیا کرد لە عیراق لەنێو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیدا و جەختی لە پشتیوانیکردنی حکومەتەکەی کردەوە بۆ هەر بڕیارێک کە عیراق لێم بارێیەوە بیدات و عیراق هاوبەشێکی سەرەکییە بۆ وڵاتەکەی و هەشتا هەوڵەکان بەردەوامن بۆ دەزینەوەی دەرفەتی هاوبەشی زیاتر و هوونیکردنەوە کە وڵاتەکەی هەوەدەدات بۆ بەدیهێنانی ئاگربەستێک لە غەزە و هەڵگرتنی ئەو گەمارێیەی بەسەر دانیشتووانی غەزەدا سەپێنراوە و داوای کۆنفرانسێکی ئاشتی گشتگیر دەکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەڵەستینی.